# سەرەتــای خوڵــقان لە دەقەکانی کوردیدا

طارق جمباز

مرۆڤ هەر لەکۆنەوە بەرامبەر بەم گەردوونە بەر فراوانە تووشی سەرسامی و رامــان و پرسیــار کردن بووە ، بۆیێ کەوتۆتە ووردبوونەوەو پەروەرشی خەیــاڵ سەبــارەت بەچــۆنیــەتی خولْقــان پەیدا بوونی دیاردە بەرچاوو نادیــارەکان ، هەر میللەتەو بۆ چوونێکی تایبەتی هەبووە بۆ ئەم بیرۆکە ئەزەلیــە بزاڤی ئەستــێرەکــان و داهــاتنی شەوو رۆژو لافــاوی گەورەو بوومــەلەرزەو هەورەتــریشقــەو دیــاردە سروشتی‌یەکانی‌تر ، ئەوانە هەر هەموویان بۆ مرۆڤی سەرەتا سەیرو سەیرەنگێر بووە ، هەر هەمووشیان لە ئاستی ئەقــڵ و ئاوەزی ئەوان بەرزتــر بوون ، بۆیە زۆر جاران پەنایان بردۆتــە بەر ئەفســانــە بۆ شی‌کردنەوەو تۆژینەوە ، بوونەتە هۆی خەیاڵ پەروەری ئەوانەوە، زۆر جاریش مرۆڤ بۆ چوونی ئەفسانەیی خۆی تێکەڵ بە بیرو باوەری ئاینی کردووە بۆ ئەوەی بگاتە کەناری دڵنیایی سەبارەت بەمــەسەلەی خولْقان و هاتنەکایەوەی بوون چۆنیەتی پێکهاتنی ، مرۆڤ هەمیشە کەڵکەڵەی ئەوەی لە مێشکا بووە کە دونیا چتۆیی خولْقاوە چۆن چۆنی گۆڕاوە ، ئەمــانــەو گەلێ شتی تریش بوونەتە هۆی ئەوەی کە بیر بکــاتــەوە لەبــارەی خولقان دا بکەوێتە نووسینەوە ، هەڵبەت زەوی چ شاخــاوی بێت یا دەشتــایی ، جەنگــەڵ بێت یا رۆخ دەریــا .. مایەی سەرســامی بووە .. ئەمــانەش هەمووی سەبارەت بەوە بووە کە بتوانێ دەست بەسەر ئەو سروشتە پان و بەرینەدا بگرێت و لەگەڵ پێویسی‌یەکانی خۆیــدا بیگــونجێنێ، میللەتی کوردیش لەم رووەوە بێ بەش نەبــووە لە نووسینــەوەی «ســەرەتای خولْقان» ، خاوەن دەق و ستوونی خۆیەتی ، خاوەن راڤەکردن و شی‌کردنەوەی خۆی بووە .

لەوەتەی بە بیرم دێ خولیاو ماندووی دوای دەقێکی کوردی بووم لەسەر مەســەلەی داهــاتن و خولْقــان لەنێو کورددا دەمگووت تۆ بڵێی ئێمەی کوردیش وەك میللەتــانی جیهــان خاوەن بۆ چوونێکی تایبەت بە خۆمان نەبــین لەسەر چۆنیەتی خولْقان ؟ بۆ ئەم مەبەستە هەرچی پیرو بەساڵا چووی شارەزام شك دەبرد دەچوومە لای یاخود ئەو کەسانەی بەدوای زانیاریدا دەگەڕان لێیانم دەپرسی بەڵکو شتێکی لەم بابەتە بڵاوکرابێتەوە ، بەڵام هەمیشە هەناسە ساردو نامراد بووم ، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە لە گەڕان و سۆراخ دا بووم و هیوابڕاو نەبووم ، ئەم باسە ببوو بە وێردی سەر زارم ، هەمیشــە دەمگوت ناچێتە مێشکمەوە ، کوردیش دەقێکی لەسەر

خولقانەوە نەبێت وەك یۆنان و فیرعەون و بابل و سۆمەرو هیندە سوورەكان و چین و زۆربـەی میللەتـانی دنیـاو جگە باس كردنی لە كتێبە پیرۆزە ئاسمانیەكان وەك «تەورات ، ئینجیل ، قورئان» .

وەكو ووتم لەم گەران و پرسینەوەیا بووم ، وەك دەڵێن تووشی پیاوی خۆی هاتم و موژدەی دەقێكی پوختـەی كوردی داپێم و بەختیـاری كردم ، برادەرەكە بۆی هێنام ، چەندەها جار خوێندمەوە ، زانیم دەقێكی پوخت و باشە بەڵام چۆن تاكو ئێستا نەنووسراوەتەوە ؟

دوای وازنـەهێنـانم پێنج دەقی تریشم دۆزیەوە ، سێ لەوانە ئێزیدین و دوانـەكـەی تریش كاكـەیی ، ئەوەی ئێزیدیەكان لەم ساڵانەی دواییدا بڵاوكراوەتەوە ، بەڵام ئەوەی كاكەیی دەگەڕێتەوە بۆ چەند سەد ساڵێك بەر لە ئێستا .

بۆ سەلمـانـدنی قسـەكـانم و دەرخستنی ئەوەی كە ئێمـەی كوردیش میـللەتـێكی زینـدووین و لە رەوتی كاروانی میللەتـانی تری دونیـا دانەبڕاوین، وا ئەم دەقانە دەخەمە روو ، هەرلێش دەدەم بەپێی توانا لێیان بدوێم ..

لەهەر شەش دەقدا ، هەندێ بۆچوونی وا هەیە كە لە بۆچوونی میللەتانی تری دنیا نزیكە ، بەڵام تایبەت بە كوردە وەك :

١ـ بە زۆری شتـەكـان لە رۆژێـك نەخولقاون بەڵكو هەر رۆژێك شتێ خولقێنداروە .

٢ـ دونیا بۆ ماوەیێكی یەكجار زۆر لە تاریێكی چڕدا بووە بە پێی دەقەكان.

٣ـ بۆ تێك چوون و رۆژی كۆتایی هاتنی دنیا لە یەكتری دەچن ، جگە لە بیرورا ئاینییەكان نەبێ .

٤ـ رەنگی مرۆڤ بەگوێرەی ئەو قوڕەی لێی دروست كراوە یاخود مانەوەی لەناو كوورەدا گۆڕاوە .

٥ـ زەوی لە ژێر زەریا دەرهێنرا تاكو مرۆڤ و گیانلەبەری تریش لە سەر بژیێت .

٦ـ دەریا «ئاو» سەراپای دونیای داگرتوەو پێش زەوی و ئاسمان هەبووە .

٧ـ هەموو شتەكان بۆ خۆشیو شادی مرۆڤ خولقێنراون

٨ـ پێشتر نێرینە خولقێنراوە دوایی مێینە .

٩ـ هۆش و ژیری دراوە بە مرۆڤ .

١٠ـ ئەگەر مرۆڤ چاك بوو ئەوا ئاسمان و زەمین چاكەی لەگەڵدا دەكەن ، ئەگەر خراپیش بوو خراپەی لەگەڵدا دەكەن وەكو لافاو .

١١ـ لە هەر هەموو دەقەكان هێما بۆ ـ خالق ـ نەكراوە وەك دەست نیشان كراو .

لێرەدا تەنیا دەقی «قەولی ئافرینا دنیایێ»م وەك خۆی هێناوەتەوە بەڵام دوو دەقـەكـەی تری ئێـزیـدیشم كردووە بە پارسـەنـگ بۆ پوخت كردن و دیارخستنی جیاوازی نێوانیان .

لەم دوو دەقە كاكەییەشدا تەنیا سروودەكەیان دەخەمە روو بە شێوەی نووسـەرەكە ، كە لە پەراوێزی كتێبەكەی وەریگێڕاوە ، تا خوێندەوار بە ئاسـانی و راستـەوخـۆ تێیبگەن ، هەروەها پەخشانەكەشم بۆ پوخت كردنی واتاكەی هێناوەتەوە . «٥»

نابێ ئەوەیش لەیاد بكەین كەوا كەم یازۆر ئەم دەقانە لە رووی بیرورا لێك دوورو لێك نزیكن ، هەروەها رەنگە سەبارەت بە دەماودەم رۆیشتنی تێكەڵ بە هەندێ بیرورای تر بووبێت .

دەقەكان لە هەندێ شوێندا وێك دەچن و لە هەندێ شوێنیش جیاوازن ئەمەشیان ئەوە دەگەیەنێ كەوا هەردووكیان بۆ یەك سەرچاوە دەگەڕێنەوە بەڵام رۆژگاری تاڵ و كارەساتی زەمانەو باری ناهەمواری ناوچەكە لێكی كردوون و پەراگـەنـدەی كردوون ، دەتـوانین لایەنی وێك چوونیان لەم خاڵانەی خوارەوە دەست نیشان بكەین :

١ـ هەردوو دەق باسی فریشتە دەكەن ، بەڵام لای كاكەییەكان چوارن و لای ئێزیدیەكان حەوتن و عەرش هەڵدەگرن .

٢ـ دونیا چوار قەوارەی هەیە .

٣ـ ئادەم بەیەكەم مرۆڤ دادەنرێ كە لە قوڕ دروست كراوە .

٤ـ دەریا یەكەمین شتە هەبوو بێت .

٥ـ ئاسمان و زەوی دەكەن بە حەوت تەبەقە .

٦ـ هەردووكیان باسی یەك یەزدان دەكەن .

٧ـ دووپات كردنەوەی چڕو تاریكی دونیا .

٨ـ دروست بوونی دونیا بە شەش رۆژ .

٩ـ تكاو نزا لە خودا .

## دەقە ئێزیدیەكانی یەكەم

**«قەولێ ئافرینا دنیایێ»**

یا رەبی دونیا هەبوو تاری
تێدا تو نەبوو مشك و ماری [٣]
تە زەمیندی كر تەزە حالی
چو نەما گول ژێ باری
یا رەبی ، تۆ هۆستایێ كەریمی
تە ڤەكر رێو دربا تاری
تو هۆستایێ هەر تشتی
بهوشت چێكر رەنگەبی
ئەردو ئەزمان تو نەبون
دنیا فرە بێبنە بو
ئینسان حەیوان ژی تونە بون
تە خالێ سازكر

د [بەهرا] داتە تەنێ هەبو در
نە دیما شیا ،نەدیما شیا
تە خاش روح ئانیبەر
نورا خالێ پەیداکر
گۆشت و روح هاتنە بەر
نورا چاڤان لێ هاتە دەر
دەست و پێ کرە لەش
لێ شرین کر گۆت و بێژ
خودا ڤەندێ مە هۆستایێ رەحمانی
رێ و دەرگەیێ دونیایێ ڤەکر
هەر تشت ژمەرا دەرئانی
بۆ بهوشت ئەردو ئاڤانی
خوداوەندێ مە تشتی دناسە
دورا کەسێ ژێ کر ئەساسە
ژێ پەیدا کر مێرێ خاسە
گوت : «ئەڤە هێ نەبەسە»
دورا ژ هەیبەتا ئێزدان هنجنی
تاقەت نەکر ، هلگەری
ژ رەنگی ئیسان خاملی
سۆرو سپی لێ هێوری
ئێزدانی مە ب رەحمانێ
حسن و جەمال ژ مەرائانی
دەستور دا [ڤەلەمێ] قودرەتێ
ئەم ئاڤێتن ناڤ سورا موبەتێ
ئاڤێن ئاڤێتە بەحرێ ، بەحر پێ مەیانی
دەخانەك ژێ دەر خومنی
چاردە تەبەق عەردو ئەزمان پێ نژنی
ئێزدانێ مە دور دەرئانی
مۆبەت ئاڤێتە ناڤێ
ژێ پەیدا دو چاڤێ
ژێ هەرکی پەر ئاڤی
ئاڤ ژ دوری هەرکی
بو بەحرا بێ سەری بێ بنی
بێ رێ و بێ دەری

ئێزدانێ مە سەر بەحرێ گەری
ئێزدانێ مە سەفینە چێکر
ئینسان حەیوان تە پروتو
جۆت بۆ جۆت ل سەفینی سیارکر
خوداوەندێ مە سەفینە سەرە
سەریکی دگەرە چارکنارە
سەفینە قول بو ، ئاڤ کەتە سەرە
مارێ خەرێ خادا نەبەر
خوداوەندی مە سەفینە ئاژوت
ئاژۆتە لاشێ گۆت : «هەق وەرە»
سلتان ئێزدی خوەش رێبەرە
لاش کو رکێ بەشەرە
نها ئێزدی ژێ خەبەرە
یارەبی ، بانگ دکەم شێخی مەزن
چاڤ کانی ، ناڤ ژێ دزێن
یارەبی تەدنیا چێکر ، دنیاب خێر
ئینسان تێدا دژین ب تێر
شەڤێت رەش ، شەڤێت تاری
جی نەما گول ژێ بارین
خوداڤەندی کەریم و رەحمان
کرە رکن ئەردو ئەزمان
دابەر مە روح و زمان
خوداڤەندێ مە رەبل سەمەد
ئەفراندن شەش ملیاکەت
جوداکر دۆژو جنەب
خودا ڤەندێ مە ئەردا چێکر ، ئەزمان گوهاستن
مجالە ئەردێ ب راستن ، نۆبە تا ڤەزا گوهاستن
ل گونەهباران بو روهستین
چقاس خوداڤەندێ مە دنیا کر سەفەرە
سخی دکر داروبەرە
پێ نژنینە رکنێ مەخبەرە
لایش زۆردا ئانی خوارە
لایش بوخاش ، حیووارە
ل ئەردێ شین بو نەباتە

پێ زەمینی زێندی قنیاتە
خوداڤەندێ مەرەحمانی
چار قسم ژ مەرا دانی
پێ حەبیبا [ئادەم] نژنی
خوداڤەندێ مە رەحمانی
چار قسم ل رودنێ دانی
یەك ئاڤە ، یەك نورە[1]
یەك ئاخە ، یەك ژێ ئاگرە
خوداڤەندێ مە ب رەحمە
دیارکر سازو قودومە
هاڤینە ئادەم هەڤسور زۆر تخوبە
هەڤسور گەڕیا ، هات هنداڤە
غالبە ئادەم مابو بێ کاڤە
گۆ : «روحۆ ، چما ناچی ناڤە» ؟
خوداڤەندێ مە قودرەتە
زەمیاندی چڤاس خولیاقەتە
ژێرا چێکر دۆژو جنەتە
خوداڤەندێ مە ئەرد چێکر ، ئەزمان گوهاستن
مەجالە ئەردێ ب راستن ، نۆبەتا قەزا راستن
ژئیسان قەنجیتی خاستن
لایش ژ ئەزمان دهاتە
ئەرد شین دبو گیهاتە
بێ حەیران چڤاس قنیاتە
خوداڤەندێ مە ئینی کر ئەساسە[5]
شەمبی بری کراسە
چار شەمێ کر خلاسە
هەڤسەد ساڵ پاش هەڤسور هات دورا نکاسە
هەڤسەد ساڵ ژبەری ئادەم ژمارە
ئەردی خیارە نەگرتی شیارە
هەتا لایشا نوری ناڤدا هنارە
وباندا روح هەردی
هات و چو بهری
نورا مۆبەتێ هنگاڤتە سەری
هات قالبێ ئادەمدا هێوری

خوداڤەندێ مە رەحمانی
کاسا سورێ ژ ئادەمرا ئانی
ئاڤ ژ کاسێ ڤە خار ، ڤەژیا
جیدا مەست بو ، هەژیا
گۆشت ژێ خاست وێ روحی
خوین ل جانێ وی گەری
خیرەت کەتە ناڤ سەری
ئادەم[6] خوار ژ وێ کاسێ
سورا کاسێ خاش لێ تێ
کەرەمەتا کاسێ کیهیشتێ ، بهوشتێ
مەلەکا ملێ وی گرت ئاڤێتە بهوشتێ
ئادەم ژ کاسێ ڤەدخارە
(کەرەمەتا)کاسێ پێڤەدیارە
خابێنژی ، بو هشیارە
گۆ : «ئەڤ ئەرد چ خاشە»
گیهایێ شین سەر گەشە
رۆژ رۆژا مێرێ کەلەشە
خوداڤەندێ مە رەحمانی
ژمەرا کەرەمەك ئانی
دەم و دەزگێ باش دانی
هەی ئادەمۆ رودنێ
هەر دەم بکە ئیمانێ
خوداوەند ئەم خلاس کرن ژ [تۆفانێ]
گەلی مریدان بکن کارێ
خێرا قودرەتێ ژ ژور باری
خا دور خن ژنەیاری
کەرەمەتا خوداڤەندێ مە هاتە خوارێ
ئەرد و ئەزمان ددن خێرێ
هوین ژی ببن خودانێ خێرێ
قەت ژبیر نەکەن ڤی خەبەرێ
ئافرینا : خولقان
بەهر : بەحر ، دەریا
ئینی : هەینی
هۆستایێ : وەستایی

دەری : دەرگا
ئان : یان
ئەشت : شت
حەوا : هەوا
هەندێ ووشە بە دوو جۆر نوسراون وەکو دڕ (دوڕ) و دنیا (دونیا)

**دەقی دووەم**

**(قەولێ زەبونی مەکسور)**

بەری ئەعەرد هەبو ، نەعەزمان هەبو نەعەرش بو
کا بێژە من پەدشێ من بکێرا خۆش بو
پەدشێ من خۆش سوحبەتە
لێک رونشتبون موحبەتە
پەدشێ من ل وێ دەرەجێ کر حەدوسەتە
پەدشێ من حەدو سەد لوێ چێکرن
شریعەت و حەقیقەت ژێک جهێ کرن
سونەتە مخفی بو هنگی دەهر کرن
سونەتە من حەقیقەت ناقدا دهنارە
گۆتی : عەزیزێ من سونەتە ل کو بو ل کو گرتبو وارە
چی مەولایەکی منی حوکم رەوا
مەرسوم نازل بو ژ جەوا
ب قودرەتێ سوڕا سونەتێ مالق وەستا بو ل هەوا
ب قودرەتێ مالق وەستابوو سونەتە
وبرەبەر پەدشێ خۆ مئیجازەتە
گۆتی : عەزیزێ من مەحزەرەت مەحبەتە
چی مەولایەکی منی حوکم گرانە
لناف وان دانا زۆر ئەرکانە
موحبەت و غەرزی نورێ دانا وان بنیشاپە
غەرزێ نوری بابە
دو جەهوەر کەفتنە ناڤە
ئێک عەینە ئێک چاڤە
ئێک عەینە ئێک بەصەرە
بەدشێ من دا دوڕێ ب نەدەرە
بەدشا دزانت کی ل سەرەکی لبەرە
قەندیل ژ بانا نزلی موحبەت کەفتە ناڤە
ئاف ژ دوڕێ دومریا
بووە بەحرو پەنگیا
پەدشێ من مەرکەرب دبەست و ئاف گەڕیا
پەدشێ من ل مەرکەبێ دبو سوارە
پەدشایەو هەر چار یارە
تێک سەیرین چار کنارە
للاشێ سەکنین گۆت ئەڤە حەق وارە
حەق وارەو سەکنین
پەدشێ من هێڤێن هاڤێتە بەحریو بەحر مەینین
دوخانەك ژێ دوخنی ، هەر هەفت عەزمان پێ نژینن
پەدشێ من عەزمان بیراستە
موحبەتا ژ قەڤدا راستە
پەدشێ من مەکانە دانە تەخت ڤەگوهاستە
پەدشێ من ل عەزمانا کربو صەفەرە
ئەوبو چارا صەفەر کربو کەربکەرە
کرە رکنێ چەندی مەنبەرە
ئاشقا وەژێ خەبەردا
شاخەکی دی ژێ بەردا
کرە رکنێ چەندی عەردا
عەرد مابوی بەهتی
حذودەکی خەدێ
گۆ عەزیزێ من : عەردبێ وێ سوڕێ ناتەبێ
بەعدی چل صالی بهژمارە
عەردی بخۆرا نەگرت حەشارە
هەتا لاش بناڤدا دهاتە خوارە
لاش کو دهاتێ
لعەردێ شین دبو نەباتە
پێ زەمینین چیقاس کنیاتە
کو کنیات پێ دزەمینین
چار قسەت تێك هنجنین
ئاخەو ئاڤەو بایەو ئاگری
قالبی ئادەم پێغەمبەری ژێ نژنین
شەمبو دانە ئەساسە
ئینیێ کر خلاسە

بەعدی هەفت صەد سالْ ، هەفت سورهاتنە دوران کاسە
بەعدی ب هەفت صەد سالْ ، هەفت سور هاتنە هنداڤە
قالب مابوی بێ گاڤە
گۆتە روحێ تو بۆچی ناچیە ناڤە
روحێ گۆ لبا ئاشقاوە مەعلومە
هەتا بۆ من ژیانا نێن شاروقوومە
نیڤەکا روحێ و قالبێ ئادەم پێغەمبەر زۆر توخومە
شازو قووم هاتن و حدرێ
دنورا موحبەتێ هنگڤتە سەرێ
روح هات و قالبێ ئادەم پەیغەمبەر ئیۆرێ
ئادەم پێغەمبەر ژوێ کاسێ قەدخوارو ڤەدژیا
مەست بو هژیا
گۆشت لێهوریا ، ما خون تێ گەریا
ئادەم پێغەمبەر ژوێ کاسێ ڤەخوارە
کەرامەتا وێ کاسێ هاتە دیارە
لەو ئادەم پێغەمبەر پێنگژیپێ دبو شیارە
ئادەم پێغەمبەر ژوێ کاسێ ڤەخوار وپێ خۆش تێ
کەرامەتا وێ کاسێ هات و گەهشتێ
لەو ئادەم پێغەمبەر گرت و برە بەهشتێ
پەدشێ منی رەبل صەمەدە
ژئادەم وێ بون جۆقەتە
ژێك ڤاڤارین هەفتی و دو ملەتە
بوی بەدیلا نوحی نەبیا
«لێرەدا باسی (تۆفانی) دەکرێت لە شوێنی خۆیدا باس دەکەین»
بەعدی وان خەلیلولْلایە
عیسایە و موسایە
موحەمەدێ نوکاملە
موحبا وی دێ هنگڤتە هندەك دلە
ختمێ میرا سەیدێ مورسلە

( دەقی سێیەم )

**قەولی شێخو بەکر**

عاشقێ عیرڤ چێیە
تەفتیشا مە ژ وێ جوابێیە
کا دورە ژپادشایە ئان پادشا ژ دورێیە؟

-★-

عاشقێ عێرڤ زانە
وەرن ژمرابدەن بەیانە
دور تەختەو پادشای لێ گرت مەکانە

-★-

پادشێ من دور ژ خۆ جهێ کر
سەیری سەیران لێ کر
سێوری و بەر پێ کر

-★-

پادشێ من دور ژ خۆ ڤاڤارە
دور قەذ یلەکە مال دارە
قەندیلێ نوور ستارە
پادشێ من سور ل سوما
بەرێ نە لەوح هەبوونە [قەلەمە]
یا سلطان ئێزی لباتە ئەو سەعەتە ئەودەمە

-★-

باسی مەلەکی یەك و دوو سێو چوار دەکاتە ئینجا :-

----

پادشێ منی مزێنجە
مەلەك چاربوون بوونە پێنجە
هەر پێنج بوونە صفحەتێ هەر ئێك و رینجە

-★-

دلێ من ل ڤێ یەکێ یی خۆشە
مەلەك پێنج بوون بوونە شەشە
هەر شەش بوونە مەلەکێد عەرشە

-★-

پادشێ من خۆش کر سوحبەتە
لێك روونشتن موحبەتە
مەلەك شەش بوون بوونە هەفتە

-★-

هەر هەفت کو د عەفرین
ب راستیێ لێك د ئێورین

ب موحبەتێ ب نەدرائێك د دەبرین

-★-

پادشێ منی جەبارە
ژ دورێ عەفراند بوون چارە
ئاخەو ئاڤەو بابەو نارە

-★-

هەر چار کو دفاخرن
ب کێ دئینان و ب کێ دبرن؟
ب کێ مەرسوومێ ژ دورێ فاریق کرن؟

-★-

هەر چارێد دروستە
نە د خوارن نەدنڤستە
ب کێ مەرسوومێ ژ دورێ ڤەدگوهستە؟

## دەقی یەکەم (کاکەیی)
## هەندێ سروودی دینی

سروودی ژمارە (١)
خان ئەڵماس دەربارەی دروستبوونی دنیاوە دەڵێ:
١) حەوت رۆح پەیدا دەبن
با پێتان بڵێم
با حەقیقەت بزانن و ، لاتان مەعلوم بێ
تاوەکو ڕێگەی شەیتان نەگرنە بەر
ئەوسا نە لەوح هەبوو نە هیچ شتێ
نە عەرش بوو نە فەرش، جیهان سەرپاکی [ دەریا ] بوو
٢) مەولام دورێ بوو دوریش لەناو دەریادا بوو
لە دورەوە دەرهات و دنیای ئامادەکرد
ناوی خۆی ناوە خاوەندگار
عەرش و قورش و فەرشی سازدا
حەفتا هەزار ساڵ بە تاك و تەنیا بوو
لەسەر بەحرەوە بە گۆچان (چۆگان)ی کرد
٣) لە خاکی فەرشی جبرائیل سازدرا
تا بوو بە هامرازی خالیقی جەلیل
ئەوەل چوار فریشتەی دروست کردن
ئەوسا ئاسمان و زەمین
بە سرری قودرەت عالەم دروست بوو
حەوت تەبەقەی لەسەر پشتی ماسیەوە[٧] دامەزراند
٤) بە نهێنی هێزی دروستکەری مەزن
چوار قەوارەی هێنایە بەر چاوی
پاش ئەوە بە ماوەیێ
زەرات (گەرد)ی جیهانی بە خەیاڵ هێنا
فەرموو فریشتەم جیبرائیلی برا
برو خاکی کۆی سەرەندیل بهێنە
بەڵکو بنەوای ئادەمیزاد دابنێم
دلی ئادەمیزاد بەم دنیایە شاد بکەم
٥) فریشتەکان یەکەیەکە چوونە ناو خاکەوە
بە ئەمری پادشای بێباك و بەموعجیزەیەوە
خاك حاشای دەکردو کەوتە شین و گریان و دەڵێ :
ئامان ، تاقەتی ئادەمیزادم نییە
فریشتەکان یەکەیەکە گەرانەوەو عەرزی شایان کرد
خاك حاشا لە ئادەمیزاد دەکا
شاە فەرمووی: ئیزرائیل زۆر بە پەلەو گورچ و گۆڵی
تۆ مەئمووری خاك و کۆی سەرەندیل بە
٦) ئیزرائیل بە توورەییەوە چووە ناو خاکەوە
بە موعجیزەی پادشای بێباك
خاك حاشای دەکردو زاریو گریانیبوو
بۆ ئەو نارازی توورەیی کردگار
ئیزرائیل زەرەیی رەحمی نەبردە دڵ خۆی
لووتی خۆی بە ژێر خاك دا کرد
لووتی دایە شاپەڕیو لە حێگا هەڵسایەوە
باڵیدا بەر یەك [illegible] ڕووی هەوا
٧) خاکی هێناو نیبایە بەردەمی شاە
وادەی خزمەتم هیناوەتە جێ
شاە وتی : برا، جیبرائیل
ئەو مستە خاکە بکە بە (خەمیر)ە
بە زووی لەو خاکە خەمیرە سازبدە
ئادەم بەراستی نیبازەوە دروستیکەن
لە چوار عونصور خەمیرەی دروست کرد

له وێنەی مەولام دا قالبیان دروست کرد
٨) بە هێزی لێهاتوویی شای خاوەندگار
بە ڕۆحی مەولام خۆی ئاشکراکرد
فریشتەکان هەریەك لە جێگای خۆیدا بڵێن:
هەیەو ئامادەیە ، لە بەردەم شاهدا
یەکەم کە سەلمانی کاکە ڕەمزا بوو
بە ڕاستی بزانن کە جیبرائیل ئەو بوو
دووەم کە قەمبەر زاتی میکائیل بوو
ئەو دەبێتە دەلیلی ڕێگەی ڕاست
٩) سێیەم محەمەدە کە زاتی ئیسرافیلە
بۆ کارو فەرمانی حەق جەبباری جەلیلە
چوارەم ئیزرائیلە کە سیرری حەق لای خۆیەتی
گیان سەندنیش بە دەست ئەوە
لە سروودی ژمارە [٧]یش بەم جۆرە باس کراوە
ئەوەل و ئاخریا
بخوێنە (ئەنا) سەنا (پیادا هەڵدان)ی ئەوەل و ئاخر یار
یار یەعنی مەولام خاوەن زولفەقفار (شاە عەلی)
ئوستای بنەرەتی بەڕ وبحر (وشکانیو تەرانی)
دروستکەری هەردوو کەون ، ئاسمان سێو چوار
ئاسمان چوار فریشتەی پێخام بەر پێخام ئاوەر
یەك وورشە (بریقە)ی کە ناونرا خۆر
لە ڕووی ئاسمانەن جێگیر کرا وەك گەوهەر
شۆڵەیێ تری، مانگە (بوو بە مانگ)
وێنە کراوە لە ڕووی عەرشی (ئەنوەر)ەوە
ئەستێرەی لە ژمارە نەهاتوو جێگیرو گەرۆك
بۆ ڕۆشنایی تاریکە شەو

## دووەم

## هەندێ پەخشانی دینی

پەخشانی یەکەم

●ئاوی دەلیا [بەحر] بوو ، چەند وەخت دوری دەلیا بوو بەحر و بەر نەبوو سوڵتانی عالەم هێبەت دا بە سەنگ و تۆقی ڕێزەی بردو بوو بە دووەد بەبەردوودو سەنگ کە گەرد بوو،وە لە هێزدا گەرد بوو بە هەوا .

● لە سەرەتـادا دنیا وەکو ئێستا زەوی و ئاو (تەرو وشکی) نەبوو سەرپاکی ئاوێ بوو کە ئەو ئاوەش پارچەیێ دور بوو . خوا خۆی بەو دورە پشان داو لە ترسان دا ڕێزە ڕێزە پارچە پارچە بوو تۆزو گەردو دووکەڵی لێ هەڵساو گەرد بوو بە هەوا .

● پارچەیێ سەنگی بردو وەشاندی بە هەوادا بوو بە ئاسمان و ئەستێرەکان ژمارەی غوڵامان لەو دەورەدا ژمارەی مەلائیکەن ، لە مانـگ و لە خۆر هەم لە حەجەر نووری خۆی داخڵ کردو فریێدا بە ئاسمـاناو شەوو ڕۆژێ قەراردا ، بە چوار فەسڵەساڵی کرد ، هەم چوار مەلائیکەی قەراردا گاهێ چودارن و گاهێ حەوتن .

● هەر کارێ بە حەوتە ساختەی هاتووە و کەف دەلیا گەوهەرێ هەبـوو ئاوسـا ، کورسی خۆی جێگیر کرد وە ناوی خۆی نیا خاڤـەنـدگـار (خـاوەنـدگـار) کە شەریعەت دێژێ خودا ، یا سەرپاکی مەزهەبان دەیەژن (دەڵێن) : بەعزی تاری و بەعزێ باری و بەعزێ خاڤەندگار ، بەعزێ بەیبوق و بەعزێ ڕێباوەند ، هەر میللەتێ بە ناویکەوە بانگی دەکا .

● برا جیبرائیلی دروست کرد فەرمووی : برو سەیری دونیا بکە بزانە کەسێ هەیە یا نەء . جیبرائیل ڕۆیی کەس نەبوو جگە لە دانە دورێ کە لە وێنەی میّنادا بوو ، لە ناو ئەو دورەدا هەبوو لە وێنەی زەورەق دا هەندێ کەشتێ بەسەر بەحرەوە بوون ، بە خەیـاڵی من مناڵ بوو هیچی نەدەزانی ، ئەو مناڵە گوێی پێ نەدرا بوو.پەرو باڵی سووتا بە سووتاندنی پەرو باڵی بە ڕووی دەستی گەوهەر ڕژایە ڕووی دەلیاو بوو بە زەوی لە دواییدا ، هەریەك بە (هەفتەن)ی دروست کرد ، هەریەکێ لە ڕۆژێکەوە تا حەوت ڕۆژ هەفتەیان پێ دەوترێ ، هەفت (حەوت) ئاسمان ، هەفت زەوی ، هەفت ئەستێرە ، وە ناوی هەفتە نراوەتە چوار گۆشەی چوار قەرنە بە ناوی مەلائیك (عرض)و (طولی) قەراردا کە بوو بە هەفتەن .

● پاشان حەزرەتی ئادەم و حەوای دروست کرد ، وەئینس و جنیشی دروست کردبوون .

وەکـو پێشتـر باسمـان کرد ، لایەنی وێکچوون هەیەو لێرەدا هەروەهـا لایـەنی جیاوازیش دەخەینە ڕوو،وەك لەم خشتەی خوارەوە داهاتوە .

## ئێزدیی‌یەکان

١ـ دونیا بە قودرەتی خالیق وەستاوە
٢ـ باسی هەرسێ پێغەمبەرانی ئاینە ئاسمانیەکان (ئیسلام و دیان و جولەکە) دەکاتن .
٣ـ دونیا لە چوار بەش پێك هاتوە (ئاف ، نور ، ئاخ ، ئاگر) .
٤ـ باسی تۆفان بەرێك و پێکی دەکات
٥ـ پاش حەفت سەد ساڵ ئینجا گیان هاتە بەر ئادەمیزاد
٦ـ باسی بەهەشت و دۆزەخ دەکات
٧ـ باسی بت پەرستی دەکات

## کاکەیی‌یەکان

١ـ بە سرری قودرەت عالەم دروست بوو
٢ـ باسی یەکێ لە چوار یارانی پێغەمبەر (د . خ) و هەروەها ناوی جبرائیل و ئیسرافیل و میکائیل و ئیزرائیل دەکاتن .
٣ـ زەوی لەسەر پشتی ماسی‌یە
٤ـ هەر شتێ ژمارەیان (هەفتە)زەوی / ئاسمان / ئەستێرە .
٥ـ خالیق حەفتا هەزار ساڵ بە تاك و تەنیا بوو
٦ـ باسی حەقیقەت زانین و رێگە نیشاندان دەکات
٧ـ ئادەمیزاد لە چوار (عونسر) لە خاکی سەرەندیل پێك هاتوە.

ئەم دەقە بایەخێکی زۆری هەیە چونکە فرەوان ترو چرترەو بە زمانێکی پوخت پاراوی رەسەنی کوردی نووسراوەتەوەو دەماو دەم لە پشتێکەوە بۆ پشتێکی تر گێردراوەتەوەو ئێستایش مایەی شانازی‌و بەختەوەرییە کە بۆمان ماوەتەوە ، گەر لەم دەقە ورد بینەوە هەست بەم جیاوازییانەی خوارەوە دەکەین لەگەڵ دەقە کوردی‌یەکانی تر :

١ـ لەم دەقـەدا لە هەر رۆژێکـدا شتێـك یاخود چەند شتێك دەخوڵقێندرێ رۆژەکانی خوڵقاندن لە دوای یەك دێن بەڵام لە دەقەکانی تردا شتەکان تێکرا باسی خولقاندنیان دەکرێت
٢ـ لەم دەقـەدا بنـەمـایێکی ئەفسـانەیی هەیەو ، تێکەڵە بە بۆچوونێکی ئایینی .
٣ـ باسی مەلائیکەت و ئادەم ناکات .

بۆیە دەبێ یەکجار کۆن بێت و لە هی ئەوانەی پێشەوە باسمان کرد کۆنترە .
٤ـ لەباسی خولقاندنی مرۆڤ دا باسی یەکە یەکە ئەندامەکانی لەشی دەکات .
٥ـ دنیای سەرەتایی بە (یەخدانێکی (سندوق) خردەچووێنێت ، ئەوەش هێمایێکی بەهێزی ئەفسانەیی یە !
٦ـ بە پێچەوانەی زۆربەی دەقە کوردی و جیهانیەکان (ئاو) بە سەرەتای بوون و لەو دەست بە خوڵقاندن دانا نێت و ، هەورو باران و ئاو لە رۆژی پێنجەمدا دەخوڵقێنرێن .
٧ـ خوڵقـاندنی دنیا بە (با) دەستی پێ کردووەو بە (با) یش کۆتایی دێ .
٨ـ رۆژی حەوتەمین بۆ حەسانەوەیە .

من ص ٣٥ الی ص ٤٠ اسطوانة ٨ قناة ٢
سەرەتای خولقان

«ئەو دەقەی کە بڵاونەکراوەتەوە»

«لە هەوەڵ دا مەوجود چروە تەمی خەست بوو
هەموو ئەشتێ دەحەوایێ لە ئەبلەق بوو
نەبزاوێ هەبوو نەسکون
دەنێو چروە تەمی خەستی
نەدەحەسیای ئەوە هەستیە یا نیستی»

● ● ●

چروە : چر
ئەشتێ : شت
حەوایی : هەوایێ ، ئاسمان
بزاوێ : بزاڤ
نەدەحەسیای : هەستت پێ نەدەکرد
هەستی و نیستی : (هستی و نیستی) واتە هەبوون و نەبوون

## ستوونی یەکەم «رۆژی یەکەم»

فەلەك لە شەش رۆژان چێبوو
دونیا نەسەری هەبوو نەبن
نەخەو هەبوو نەخەیار

نەدەشت هەبوو نەبەیار
یەخدانەکی بێ ڕێبوو
نەئینسان هەبوو ، نەحەیوان
نەبنەدار هەبوو نەچیا
هەوەڵ بایەك هەریکرد
تاقەتی خرکردەوە
عارد بووە عەسیرێکی پان
چۆڵ و هۆڵ .. نە ئادەم هەبوو نە ژیان
لەو سەرەوە تا ئەوسەری
نە شاخ هەبوو نە بەرد هەبوو نە ئاو هەبوو
ئەمری وابوو ئەوێ ڕۆژێ
شاخ و داخ قووت بوونەوە
پشتی زەوی ببەستنەوە
حەرەکەیەك وای دەورە ،دا
دونیای لە تەم و مژ لول دا
هەوەلی عارد قەترانی بوو
هەموو ئەشتەك دوور لە نورو رونیا
بەبێ دەنگ بوو سەرەتا ئەوسەری دونیا

● ● ●

چێبوو : دورست بوو
خەیار : خەیاڵ
یەخدان : سندوق
هەری کرد : هەڵیکرد
قووت بوونەوە : قیت بوونەوە

● ● ●

## ستوونی دووەم «ڕۆژی دووەم»

خوا ئەمری کرد ڕۆژ دەربێتن
ڕۆژ لەهیکرا هاتەدەرێ
دونیای ڕوون کرد
لەو سەرەوە تا ئەو سەری
عارد شەکڵەکی پان و پۆر بوو
جێجێ بلند .. جێجێ شۆر بوو

وای لە هێزی ئەو خولایە
کە ڕۆژی بە ئینسان دایە
ئەو ڕۆژە وەکی ئاتەشە
بەسەر عەبدی خۆی بەش بەشە
ڕۆژ تەواوی دەدونیایێ‌ی زەرد هەرگەران
چۆن لە پیت و لە پارۆزی یا هەردەکا
تا دونیا هیشك کاتەوە
ڕۆژیش خولقا دونیایێ‌ی گەرم کردەوە

● ● ●

هیکرا : لە پریکا
خولا : خودا
پیت و پارۆز : گوایە لافاوی نوحی ووشك کردۆتەوە ..

● ● ●

## ستونی سێهەم «ڕۆژی سێهەم»

کە خولا ڕۆژی هێنا وجود
تا دەهات بار بار شۆردەبوو
هەتا لە بنی ئاسمانی
سوور هەرگەرا ئەوجا نەما
دیسان دونیا تاریك بوو
خوا ئەمری کرد ... ئەوە شەوە
دیارە شەو نا ئە بەدیە
ئەویش وەکی ڕۆژ وەختیە

● ● ●

بار : باڵ
ئەوجا : ئینجا
وەکی : وەکو

● ● ●

## ستونی چوارەم «ڕۆژی چوارەم»

خوا ئەمری کرد عاسمان خولقا
شین دەچۆوە

نریە‌سکی گەلەك لێبۆوە
تاقە چاوێکی لە زگ بوو
دەجولایەوە .. زەردیش دەچۆوە
فەرموی مانگ و ئەستێرەنە
قودرەتی من دەردە هێخێ
هەر ئەستێرەی روو لە لایێ
وجودیان هێنا مەلایی :

مەلایێ : ئاشکرا کردن
تاقە چاوێکی لەزگ بوو : واتە مانگی تیابوو .

**ستونی پێنجەم « رۆژی پێنجەم »**

خوا ئەمری کرد هەوروباران
زگی عاردیان هەردراند
عاردی نقوم کرد لە ئاوێ
گیاشین بوون
روبار بە شەپۆرو تین بوون
دارو درەخت کەسك بوون
وای لە قودرەتی خالقێ
چەند عەجایب و گەورەیە
عومرمان چەندی درێژ بێ ئەو دەورەیە

**ستونی شەشەم « رۆژی شەشەم »**

رۆژ گەلەك بە نوربوو
دەشت و دەرو عاردو بەریش
جێ جێ کەسك بوو
هەندەك سوور بوو
هەندەك جێ ئاوبوو
هەندەك جێ هیشك
وای لە قودرەتی ئیلاهی
عاردی هێنایە تەماهی
ئەوێ رۆژی خوا ئەمری کرد
ئینسان هاتە نێو وجودێ

دوو چاوی هەبوو رەشکۆکە
خودان دولاق و پەلۆکە
قەد درێژ پرچ نەرمۆکە
بەسەبر دەجولایەوە
خوا ئەمری کرد
ئینسانە ئەتۆ لە عاردی
گۆشت و ئیسقانت لەقورە
دەستم دایێ .. لاقم دایێ
چاوم دایێ .. عەقڵم دایێ
لاقم دایێ لە بۆ جولە
چاوم دایێ بۆخێرو بێر
درم دایێ ...
خوێنم دایێ تا عومرت درێژبێ

تەماهی : رمنکە[illegible]مەبەستی ئاوەدانی بێ .
«خولا : خالق : ئیلاه ، خوا» هەمووی بۆ یەك مەبەست هاتووە

لەو شەش رۆژە هەرچی هەبوو نەبوو خولقا
عارد ، عاسمان ، شاخ ، داروبار ، روبار ئینسان
ئەوجە حەیوان هاتە وجود
خوا خەلقی کرد ئەو حەیوانە
فەرموی ئەوەش لە بۆ حاجاتی ئینسانە
دونیا بە با دەستی پێکرد
لە قیامەتێش با هەردەکا
روی عاردی رەش دەکاتەوە .

« لە ئەفسانەکانیشا دەڵێن دونیا ساف دەبێتە عاردێکی
پان و بەرین و راست کە ئەگەر هێلکەیەك لەوسەر دانێی
لەوسەری تردیارە »

١) ئەم دەقە لە دوو پشتەوە بەرەو سەرەتا وەرگیراوە
ئەوەی ئێمە لەدەمی یەکێك کە تەمەنی (٧٤) سالْ بوو
وەرگیراوە کە ئەویش بە دەوری خۆی لە [illegible]ی وەرگرتوە
کە ناوی ـ ئەحمەدی زەرێ ـ بووەو تەمەنی (٨٧) سالْ

بوو کۆچەر بوو گوایە ئەویش لە دەمی باپیری یەوە وەریگرتووە کە لە تەمەنی (٨٩) ساڵیدا ئەو باپیرەی کۆچی کردوە . باپیریشی هەر کۆچەری بووە . بەم جۆرە ئەم دەقە بۆسێ نەوە لەمەو پێش دەگەڕێتەوەو خۆی لە دوو سەد ساڵ زیاتریش دەدات .

٢) ئەم دەقە لەروی زماندا هەموو شێوەکانی زمانی تێدا تێکەڵە

٣) خالیق ، ئیلاه ، خوا ، خولا : باسکراوە بەلام دەست نیشان نەکراوە .

## چۆنیەتی خولقان لە هەموو دەقەکاندا

**ئێزدی ئافرینادنیایێ زەبوونی مەکسور**
**کاکەیی سروود پەخشان**

**دەقێکی بلاونەکراوە**

بەهر(بەحر) بەحر دەریا دەریا با
روناکی روناکی ئاسمان هەوا زەوی
ئەرد (زەوی) عەزمان (ئاسمان) زەوی ئاسمان رۆژ
ئادەمیزاد ئەستێرە ئاسمان
ئەزمان (ئاسمان) عەرد (زەوی) مانگ شەو
داروبەرە شینایی (نەبات) خۆر مانگ
شینایی ئادەمیزاد شەو ئەستێرە
ئادەمیزاد رۆژ هەور و باران و روبار
حەیوان زەوی ئادەمیزاد حەیوان
(تەیرو توال) (ئینس و جینس) با

وێرای بۆ چوون و رامانی کورد بەرانبەر ئەم دنیایە کۆنەو ئەو هەموو دیاردە سەرسوڕێنەرو نهێنیە گەورانە کە لەم دەقانە هەوڵی داوە لە چۆنیەتی خولقاندنیان نزیك بێتەوەو لێیان بدوێ . تۆفانیش وەك کارەساتێکی گەورە لە دەقەکان رەنگی داوەتەوە وەك لەم دەقەدا :

قەومەك دێ داهربت د دلێدا نامێنیت خۆفا ئیمانێ
ئەو ژ دێ غەرق بن ئاقا طوفانێ
بەعدی وان بەدیلا
قەومەك دێ دەهربت نەی عەدیلا
نوقتەك دێ نازل بت ژ قەندیلا
وێ ل ناڤ دەهربت براهیم خەلیلا
براهیم خەلیل ژ نوقتەکە صادقە
بەسێ حەرفا دبو مولتەقە
هەتا خودێ خۆناس کر بهەقە
هەتا خودێ خۆ بحەق ناس کر
ل گەل عازرو نەمرو دو صەنەماو بەحس کر
لەو گیانێ خۆ ژ کفریێ خلاس کر
(قەولی زەبونی مەکسور

وە هەروەها لە قەولی ئافرینا دنیایێ وا باسی تۆفان کراوە:ـ
ژی هەرکی پەرئاقی
ئاڤ ژدوری هەکی
بۆ بەحرا بێ سەری بن بنی
بێ رێو بێ دەری
ئێزدانێ مە سەر بەحرێ گەری
ئێزدانێ مە سەفینە چێکر
ئینسان حەیوان طەیرو تو
جوت بۆ جوت ل سەفینێ سیارکر
خودا وەندێ مە سەفینە سەرد
سەرێکی دگەرە چار کنارە
سەفینە قول بوو ، ئاڤ کەوتە سەرە
مارێ خەرێ خادا نەبەرە
خوداوەندی مە سەفینە ئاژۆت
تاکو دەگاتە
خودا ڤەندێ مە رەحمانی
ژمەرا کەرەمەك ئانی
دەم و دەزگێ باش دانی
هەی ئادەمو رودنێ
هەر دەم بکە ئیمانی
خوداوەند ئەم خلاس کرد ژ تۆفانی

هەروەهــا لە کتێبی[10](کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا) باسی کەشتیەکەی (نوح پێغەمبەر) دەکات چۆن سوچێکی گەیووەتە چیایی شەنگارو دەڵێ (ئەوکاتەی کەشتی نوح پێغەمبەر) بەسەر شەپۆلی تۆفانەوە گێژەی خوارد، سوچێکی بەر چیای شەنگارە کەوت و کەمێك زیانی دی، نوح زۆر نارەحەت بووو شێست و حەوت کەسەکەی ناو کەشتی هاواریان لێ هەستا مارێك هاتە پێش و بە نوحی گووت «ئەگەر لە گۆشتی ئادەمیزاد تێرم کەی من کەشتیەکەت بۆ رزگار دەکەم» .

نوح گووتی «باشە ، لەگۆشتی ئادەمیزاد تێرت دەکەم»

لەسەر ئەو پەیمانە مار هات کلکی خستە ناو ئەو کونەی کەوتبوە کەشتیو لە سەر کونەکە پەپکەی خواردو نەی هێشت دڵۆپێك ئاو بێتــە ناو، خەڵکــەکــە شادبون و هەر ئاوێك هاتبوە ناوەوە دەریــانــدا». وە لە کتێبی (الاساطیر)[11]دا هاتوە وە هەروەها یوسفوس لە سەر زمانی بیروسوس ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کەوا تا کاتی ئەو کوردەکان پارچەی کەشتیە شکاوەکەی لای (ئارارات وچیای جوودی) نزیك دەریاچەی وان بۆ خۆیان بەکار دەهێنن) ئەمــەیش بەڵگــەیێکی تر جگــە لەمانەی لە دەقەکانی سەرەوە باسمــان کردن کەوا کەشتیــەکــەی (نــوح) لە کوردستــان گیرساوەتەوە .

لیرەوە مرۆڤ دەگــاتە حەسانەوێیکی دەروونیو ، لای ئاشکرا دەبێت کەوا میللەتی کوردیش خاوەن بۆچوون و رامانی تایبەتی خۆیــەتی دەربارەی چۆنیەتی خولقاندن و تۆفان و لە کاروانی میللەتــانی تر دوا نەکــەوتــووە .. بەڵام باری نا هەمــواریو نەگبــەتیو کەمتــەرخــەمی نووســەران وایان کردووە ئەم شتە بەرزانــە بە شاراوەیی بمێننەوەو کورد لە رەوتی پێشکەوتن و رامانی تایبەتی خۆی دوا بخەن چونکە پەی نەبردن بەم شتانەو دەرنــەخستنیــان زیــان دەبــەخشنــە کەلتووری نەتەوایەتیو رابردووو، رەنگ و رەسەنایەتی کە ئەمرۆمانی پێ پرشنگدار تر دەبێت .

## پەراوێز

١) مەبەست (سفر التكوين)ە

٢) لە کتێبی (ئیــزدیاتی لبەر رۆشنایا هندەك تێکستێد ئاینی ئیزدیان) ل[52] هاتوە «وەکی هەر ملەتەکی لسەر روێ ڤی دنیایێ هەبت ئیــزدییا ژی بیرو هزرو رایێد خۆیێد تایبەتی دەر هەڤا ئافریندنا (خولقاندن) دنیایێ لسەر دەستێ خودێو چۆنیە تا پەیدا بونا گیاندارا و پێ گەهشتنا مرۆڤایەتیێ وێدهەین ... هەر هۆسا تەرزێ رێکخستنا کارو بارێد وان و خۆش کرنا رێکەکە راست ژ بۆ دلخۆش کرنا مرۆڤا لسەر روێ ڤێ کنیاتێ)

ول[53]دا (دڤی قەوالیدا هۆســاتێتە بەر چاڤ کو چاوا خودێ تەعــالا ئەڤ دنیایە ژ مژدومانێ نەبونی نژناند، ل چیاودەشت ودۆل و دەریایا ئاڤەدانێ پەیداکر . مرۆڤ و گیاندارێدێ لسەر خولقــانــدن) ول[58]دا (ئەڤەژی قەولەکی دیە ب ناڤێ قەولێ (ئــافــرینــا دنیایێ دیسان چۆنیەتیا نژاندن و سازکرنا عەردو عەزمانە ، عنس و جانا ، گیاندار ودارستانا دیاردکەت)

٣) لە یارییێکی کوردەواریشــدا باسی مشك و مار بەم جۆرەی خوارەوە باس کراوە :

فاتێ مەگری مەگری
پێکرا بچینە قەبری
قەبر تەنگ و تارە
پر لە مشك و مارە ... تادوایی

٤) لێرە هەست بە جیــاوازی نێوان (قەولی ئافەرینا دنیایێ)و (قەوڵی زەبوونی مەکسور) دەکەین کە لە یەکەمیاندا (یەك ئاڤە، یەك نورە، یەك ئاخە ، یەك ژ ئاگرە .

لە هی دووەمیــاندا (ئاخە ، ئاڤە ، بایە ، ئاگرە) ئەمە شتێکی ئاســاییــە وەك لە تەورات دا بۆ پێش و پاش کردنی دروست کردنی شتەکان وەك دەبینین لە (الاصحاح الاول)دا مرۆڤ دوا شتــە کە دەخــولقێنرێ بەڵام لە (الاصحاح الثاني)دا زووتر دەخولقێنرێ .

٥) لە (قەولی ئافرینا دنیایێدا) بۆ خولقاندنی دنیا شەش رۆژی دانــاوە کە وا هاتــووە (خــودا ڤەندێمە ئینی کرد ئەساسە ، شەمبی بری کراسە، چارشەمی کر خلاسە) ؛ بەڵام لە قەولی زەبوونی مەکسوردا بەم شێوەیە هاتووە (شەمبوو دانا ئەساسە ئینی کرد خلاســـە) واتــە دەستپێکــردنی رۆژی یەکــەمی خولقاندن جیاوازە .

٦) ئادەم : ئادەمیزاد ، مرۆڤ .

ئادمە = زەوی

الفلكلور في العهــد القــديم ـ جمس فريــزر ترجمة ـ نبيله

ابراهيم جزء ١ سنة ١٩٧٢ ل[٢٦]
لە زۆربەی دەقە ئاینیو ئەفسانەیەکاندا ئافرەت لە پەراسووی پیاو خولْقێنراوە .
٧) لە مولود نامـــەی (حـــاجی ملا عبـــد اللەی جەلیزادە)کـە دەستنووسە تیایدا باسی خولْقاندن بەم جۆرە دەکرێت .

ئەرز لە سەر بەرییە
بەرد لە سەر گا جوتیە
گا جوت لەسەر ماسییە
ماسی لەسەر ئاوییە
ئاو لەسەر هەوایە
هەوا لەسەر تاریکییە
کەس نازانێ چ بەحس و چ هەرایە

مەلا خدری دەشتی شاعیریش لە مولود نامەکەدا لە لاپەرە [٢٩ ـ ٣٠]دا مەسەلەکەی قولْ تر خستوتە رووو دەلێ

پاشی خوا یەك جەوهەری لەو نورەدا
کردە مەنظور و دوو کەرتك بووە جوودا
کەرتی ئەوەل دایە چاوی هەیبەتێ
کەرتی ئانی دایە چاوی شەفقەتێ
دەرکولْی ئەو بەحرە کەف کردو هەم
دووکەلی کردو بەجارێ بوو بە تەم
کەفەکەی ئەرزو دوخانی ئاسمان
ئەم دووە لەم دوو شتە تەرتیب دران

★★★

لە پەرەگرافێکی تردا دەلێت :ـ

هەرکە ویستی خوا کە بێنێتە وجود
ئادەمی گوتی بەجبریل هەستە زود
هەروە ئەرزی بێنە خولی چەنگەلی
خولەکی پاکژ لە کولی رەنگەکی

★★★

بردیو تەسنیمی هێنا ئەو مەلەك
لێکیداو تێکیدا مثلی عەلەك
تاکو رەنگیبوو بە رەنگی دورەتێ
صافو غەطەیدا لە جۆگەی جەنەتێ
پاشی ئەمری کرد خودا ئەی جبرەئیل
هەستە پێ بیگێرە ئەو جورمی ئەصیل
بەرو بەحرو شەرق و غەربی پێبکە
ئاسمان و سەرزەمینی پێبکە
پاشی هەنگی خوا بە دەستی قودرەتی
خەلْقی کرد ئادەم لەسەر ئەو صورەتی
بورژا ئادەم لە جەنەت یەك دەمی
خەلْقی کرد حەوا خودا هەر ئەو دەمی

★★★

وەی کەزانی ئەو عەزازیل هاتە بەر
دەرگەیی جەنەت سەری خۆی خستە سەر

٨) خولْقێنەری دونیا لە هەموو دەقە ئەفسانەیی و ئاینیەکاندا ، لەبەر تەنیایی خۆی ئەو دونیایەی خولْقاندووە .
٩) لە کتێبی (مغامرة العقل الاولى) فراس السواح / ١٩٨٥/ ل[٣١]دا دەلێ «رەنگی مرۆڤ بەگوێرەی مانەوەی لەناو تەنووردا دەگـــۆردرێ ئەوەی زیـــاد سوتـــاوە رەش بووە، ئەوەی زوو هێنایانەتە دەرەوە سپی بووە ، ئەوەی بەرێکی سووتاوە رەنگی برۆنزی (رەش ئەسمەر) بووە .
١٠) ل[٧٥] کتێبی (کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا ـ سیاحەت نامەی ئەولیا چەلەبی ـ وەرگێرانی : سەعید ناکام .
لەچـاپکـراوەکان کۆری زانیاری کورد / سالْی ١٩٧٩ بەغدا چاپی یەکەم
١١) الاساطير بين المعتقدات القديمة والتوراة علي الشوك لندن /١٩٨٧ ل[١٠١]

### سەرچاوەکان


١) ئێـزدیاتی لەبەر رۆشنایا هندەك تێکستید ئاینی ئێزدیان / خدری سلیمان و خلیلێ جندی / ١٩٧٩ کۆری زانیاری کورد
أ) ـ (قەولێ ئافرینا دنیایێ) ل[٥٨] تا ل[٦٢]
ب) ـ قەولێ زەبونی مەکسور) ل[٥٣] تا ل[٥٧]
٢) گوندیاتی (ئالیەکی ئەنترۆپۆلۆجی)
کۆمکرن و بەرهەڤکرنا / خدرێ سلیمان / ١٩٨٥
ئەمیندارێتی گشتی رۆشنبیریو لاوان یارمەتی لە چاپ دانیان داوە قەولێ شێخو بەکر ل[٩٧] تا ل[١٠١]
٣) کاکەیی ـ محمد امین هەورامی ١٩٨٤ بەغدا